# بـــــريـــڤ ( 2 )

نوسینی : شـــێرزاد هـەینی
sherzad55@hotmail.com

کێ دەزانێت ..!!؟؟ کێ نوسیویەتی .. کێ لە بیری ماوە ..!! کێ ژماردوویەتی، ئەوانەی هاوکارو بەشدارو لیژنەی دەعوەت و سازکاربووینە، چەندن .. کێن و پلەو پایەیان چی بوو ە... !!؟؟

ئەوانەی .... لەو هەموو سیمینارو کۆڕو دەستەو بازنەو کۆمەڵە بۆ گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەو سازدان و تیفتیفەکردنی قەڵاتی هەولێر بەشداربووینە.

زۆر کۆرو بڕیارو بودجەو دانیشتن بۆ قەڵاتی دێرینی هەولێر کرا .. بەڵام کەم ئیشی بۆ کرا .. زۆر گفت و بەڵێن درا .. کەوا ئەم قەڵاتە بکرێتە نموونەی شارێکی دێرین و شایستە بەمێژووەکەی ، شایستە بەناخی کۆنی بیرو یادو سەربەرزیی .. بەڵام بەداخەوە ئەو هەموو کۆبوونەوانە هیچیان ئەنجامی بناغەو بالای نەبوو. هیچیان لێ نەکەوتەوە.!! زۆر بە حەسرەتین و چاومان لێیە زۆری بۆ بکرێت .. کەم باسی بکرێت،

کەم کۆبونەوەی بۆ سازبکرێت، کەم کۆبونەوەی داخراوو کۆنگرەی رۆژنامەنووسی بۆ سازبکرێت، کەمتر دەستەی راوێژکاریی بۆ دامەزرێت.

ئەی پیرە قەڵاتی ماندوو و شانشکاوو بەرزو دیارو بڵندو لەبیرکراوو رووخاو دیوار زامدارو ساپیتەپیوو و پەنجەرەشکاوو دەرگانەماوو .. ئەی قەڵاتی پرچلکاوو گۆماوو زەڵکاوو مێشاوو، داگیرکراو لەلایەنی کەسان و خێزانی دەربەردەرو داماوو راونراوو بەجێماوو هەڵاتوو مشەخۆرو یاسابەزێن و ..

ئەی قەڵای بەناوو بێ ناوو، ئەی قەڵاتی دیاری بزر، ئەی گەورەی گچکە، داخراووی کراوە، شەرمنی بێدەنگ، لەمێژە ناوت هەیە و باست ناکەن. لە مێژە وێنەی بێ چوارچێوەیت، دیواری بێ پاردەیەت، کۆڵانی بێ بەردرێژیت، کۆشکی بێ دیوەخانیت، قەڵاتی بێ پاسەوانیت .. سەدان هونەرمەندو کارمەندو بیناسازو ئەکتەرو دەرهێنەرو شوێنەوارو سیاسیەتمدارو شارەدارو ئەنجوومەندارو چەکدارو باڵدارو پارەدار ....... درۆو فێڵ و دزی و بوختان و کۆبوونەوەو دیدارت بەناو دەکەن.

با لەجیاتی ئەوانە کەمێ کاری پیرۆزو پێویستی بۆ بکرێت. چەند کۆبوونەوەت بۆ کرا، ئەوەندە دیوارت رووخا .. چەند بە نازو شۆخی ناوت هات ئەوەندە رەنگ و نەخشەکانت نەمان ..

چەند پارەت بۆ دانرا ئەوەندە بەرەو کەلاوەیی چوویت .. چەند لە دەزگا جیهانییەکان ناونووس کرای، زۆرتر لای خۆمان لەبیرکرای ..

لەو جیهانە پان و بەرینەدا، لە سەر نەخشە گەورەکەی، لە بیرەوەری و چاوی کامیرای گەشتیارانی هەموو جیهان .. کێ شاری کۆنی لە ولاتی دەوڵەمەند دیبوە کەلاوە بێت، قەڵاتی کۆنی دیبوە سەدان خێزان زێدەرۆیی لەسەر بکەن، سەدان هەزارە تۆن پیسایی و خاشاکی تێدا کۆکرابێتەوە.. کێ دەزانی .. کێ دیویەتی، لە شارێك سێ زانکۆی گەورەو دەیان پەیمانگەو حکومەت و سەرۆکایەتی و هەزارەها سەنتەرو جڤاتی تێدا بێت و قەلاتە کۆنە شانازییەکەی شەرمەزاری بێت.. !!؟ قەڵاتە کۆنەکەی زبڵدان و کەلاوەو پاشماوەو یاساشکێن و یاسابەزێنی لەسەر بکرێت... ئەی پیرە قەڵاتەکەمان، قەلاتی هەموو کوردان، قەڵاتی مێژوو، ئەگەر لەبەر چاوی تۆ نەبووایەو بە کرێن بووایەو لەبەر .......... لە دەرەوە قەڵاتێکیان بۆ جوانی و شوێنەواری و سەیرانگە دەکرێ و دەیانهێنا لە سەنتەری شارا بەرز رایاندەگرت. لەسەر هێنان و دانانی چەندین کۆمپانیای خۆمالی و جیهانی خۆمالیکراو پێشبڕکێیان لەسەر دەکرد.